کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 13:26بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کە من بە بۆنی گوڵ دەمرم بۆچی بە بەرد دەمکوژن ... ئارام حەمە

"پێشکەشە بە ڕۆحی ئەو فریشتەیەی کە هەموومرۆڤایەتی گریاند و بوە قوربانی عاداتی خێڵەکی و مەزهەبی بە دەستی کۆمەڵك وەحشی گەر شەهید کرا بە دڕندانەترین شێوە"

دوعا دەکەم لە نێو پەڕەی گولەبەڕۆژەیەکم دابنین ئەی ئیلاهی..



دوعایەك بەرەو ئاسمان هەڵم کێشن..
دوعایەك نەفرەت بەسەر ئەواندا بکات
دوعایەك کە چاوەکانم ببرن لە خەندەی ئیلاهی
ئەوەنیە هەمو مەلەکوتەکانی ئاسمان بۆ من دەگرین ئەونیە بەرگی ڕەشی تاریکیان لە بەردایەو بەمۆمە وە بەدەورمدا دێن و دەچن□□
بۆ دەم کوژن کە دەزانن کوشتنی من دەبێتە ئاگری سوتماکی دۆزەخی و جەستەو دڵتان دەبرژێنیت... ؟
بۆ دەم کوژن کە دەزانن ئەهریمەن یاری بە عەقڵتان دەکات ... ... ؟
بۆ دەمکوژن کە دەزانن خوداوەندیش لەسەر عەرشی خۆی دەجولێو تێزابی ڕقی دەکات
بەسەر پەرستگا و ماڵەکانتانا ... ... ؟
من دەزانم کوشتنی من کۆتایی کوشتنی می نیە!!
کوشتنی من دەبێتە هەوینی ڕۆمانە بەرگ سورەکان...
ئای لەو کاتەی بەردەکانتان بەتاسەوە ماچی تەوێڵیان دەکردم
باوەشیا بە خوێنمدا دەکرد
بەتاسەوە شەقەکانتان بەجەستەمەوە دەنوسان
دڕندەکان بە چاوی پڕ لەخوێنیانەوە تەماشای عەورەتیان دەکردم
نەدەگریان
دڵیان پربو لە شەهوەتی پیاوسالاری
ئای لەو ئابڕوچونەی ئێوە دڕندەکان
ئای لەو نەخۆشییەی ئێوە
ئای لە کلتورە بۆگەنەی ئێوە ... .
دەپێم بلێن بۆ دەمکوژن؟
کە من وەکو پاسارییەك مافی فڕینکی ڕەهام هەیە
کە دەمەویست لەم چڵ بۆ ئەو چڵ باڵ بگرم
بۆ دەمکوژن ... . کە لە ئامێزی عەشقمدا بۆخۆم دەمرم؟
ئای لەو دەمەی زەوی ئامێزی گەرمی بو کردبوومەوەو دەی وت
ئارامبە "دوعا" لە ناخمدا جێگەیەکی نەرم و گەرمم بۆ راخستویوت
دوعاکەشت دەرگای خودای تێ پەڕاندوە
ئای "ولاتێك سەرێکی تاقەکانی فەرهاد بێت و سەرێکی تری کێلەکانی مەم و زین بێت حەشارگەیەکی بو عاشقان تێدا نەبێت ئای لەو ئابڕوو چوونە ... . "

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ دەبێت ئێمە هەر ڕابکەین بۆ بەدوای فیردەوسێکی تردا بگەڕیین؟
ئاسمان دەبباری
بەسەر رۆحە پیسەکانیاندا
بیان شۆوە لە گوناە ئەم تۆفانەی تۆ کەی هەڵ دەستێت؟
کەنگی گۆزەکانی دڵیان هەرزال هەرزاڵ دەکەی
ئێمە دەگرین لە گریانمان گوڵی بەرائەت سەوز دەبێت
گولی" دوعا" ئەوگولەی لە خوێنی ئەوەوە دروست بوو ئەو گوڵەی رەنگی ڕەش بوو
ئەم گولانە بە فرمیسکی چاوە گەشەکانی یەزدن سەقا دەکرێت
کوشتنی ئەو
مەرگی لای هەمومان شیرین کرد
"دوعا" دەتبینم لە تروپکی فیردەوسدا لەگەڵ یالحان دانیشتویت شەرابی هەنگوین و ئاوی ئیلاهی دەنۆشیت و بەرگت بەرگی فریشتەیە
دەتبینم کەمانچە دەژەنیت بە ئاوازێکی غەمگین غەمگین تر لە دلی من و هەموو مرۆڤە ژیرەکان ... .
دەی سەما بکە دوعا تۆ بەبەرگی سەماکردنەوە جوانیت بەبەرگی غوربەتەوە دەمریت
دەی لە شەرابی تریی جەنەت بخۆرەوە با هیلاکی و تینوێتی جەستەتە سورەکەت برەوێتەوە ... ..
چ سەیرە بەرد یەکەمین چەکی مرۆڤە بی مەعریفەکان بوو لە دیرۆکدا بۆ راوکردنی نێچیرەکانیان وەلی ئێستا بۆ مرۆڤ ... ... ... ...
مرۆڤ بۆ یەکتر دەکوژن خۆ کوشتن کۆتای هاوکێشەکان نیە...
ئەو خوێنەی لەسەر زەوی ڕژا لە شەڕەکەی هابیل و قابیلەوە بو
ئەوان ئەم جەنگەیان دروست کرد
خواردنی سێوك مرۆڤایەتی دروست کرد
وەلی سێوەکانی دوعا بە لێوی خۆشەویستەکەی نەخوران
بە لێوی بەرد پوکانەوە...
کچیکی لاوی ڕۆژ هەلاتی دەکوژرێت
هەموودنیا سەیردەکەن لەسەردەمی فرینی ئینسانەکاندا ...
بلۆك بو بنیاد نانی خانو لانەی عەشقەکانە وەلی
لێرە بۆ پانکردنەوەی سەری ئینسانە
بوشکانی ئێسکی سنگی کیژۆڵەیەکی ناکامە
بو دیوارە بو کیلی قەبری دعایە
بێ دەنگی هەناوی داگرتوم تاریکی لەشی شێواندوم
من نازانم کە مرۆڤم قیزم لە مرۆڤ بونیش دێتەوە
بەردەوام بە ڕەژو ژیاننامەی خوم دەنوسمەوە
ژیانیك پربێت لە تاریکی و جەهالەت
ژیانیك بتپەرستی لە ناخی هەمووماندا دەبێت
بەناکامی بەرێگا دڕکاوییەکاندا دەڕۆین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-4-2007 13:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تابوتێکی گوڵەبەڕۆژەیمان پێیە
جگە لە مشتێك سوتو هیچیی تری تێدانیە
سوتوی جەستە گەنمییەکەی دعایە
بەڵام ڕۆحی لەبڵنگۆی مزگەوتو کڵێساکانەوە ئاوازی مەرگ دەخوێنێت
دێت و دەڕوات هەناسەی سور هەڵدەکێشێت
جوانکیلەکەم پرچی رەشت سور دەنوێنێت
بەخوینی جەستەی ناسکت ... ...
دەبەس بە ئاسماندا بگەڕی
بنو بنو
دعاکەت گەیشتەوە زەمین ... ... ... .

aramhama@yahoo. com
سلیمانی
2007/4/28

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.